

# بۆ هێنانە دی سۆشیالیزم لەعیراقدا خەبات دەکەین

رۆژی شەمە 12–2–2005 بورهان فەتاح ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب لەلایەن هەڵسوراوانی ( حیزبی سۆشیالیستی سکوتلندە ) دەعوەت کرا لە سکوتلەندە بۆ گرتنی کۆڕێك  تا  لەسەر وەزعیتی سیاسی ئیستای عیراق و بزووتنەوەی کرێکاری و رێگاچارەو بەدیلی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق قسەو باس بکات.

بورهان فەتاح لەو کۆرەدا بەدریژی باسی لەداگیرکاری ئەمریکاو خولقاندنی سیناریووی رەش و تیکدانی شیرازەی کۆمەڵگای عیراق کرد کە لە ژیر سایەی شەر وکیش مەکیشی تیرۆریستانەی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی تووشی بووە  ،هەروەها ئاکامە زیان بارەکانی بۆ خەڵکی عیراق ، وسیناریووی گاڵتەجارانەی بەناو هەڵبژاردن و هینانە سەرکاری حکومەت و دەسەلاتێکی ئیسلامی و قەومی لەعیراق دژ بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عیراق و کوردستان . وەپاشان باسی لە خەبات و بزووتنەوەی کرێکاری و یەکیتی کرێکاری و نارەزایەتی یەکانی ئەم دواییانەی کرێکارانی ناسریەو  ،ورێگا چارە و بەدیلی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق کرد لەئیستادا بۆ هینانە سەرکاری دەولەتێکی عەلمانی ودارشتنی دەستور و قانوونیکی سکولار و نان و ئەمنیت و ئازادی و گیرانەوەی مەدەنیت بۆ خەڵکی عیراق، وە هەروەها بورهان فەتاح راگەیاند( کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بۆ بەدی هینانی سۆشیالیزم و دنیایەکی باشتر خەبات دەکات لەم رێگەیەدا خۆی بەتەنها نازانێت هیزی ئازادی خوازو پێش کەوتووخوازی جیهان لەخەباتی خۆیدا بە پشتیوان  دەزانێت و  پشتیوانی   سیاسی وعەمەلی لیّ بکەن).

لەم کۆرەدا کەچەندین ئەندامی حیزبی سۆشیالستی سکوتلندە بەشداری تیاکرد بەگەرمی پیشوازی لەقسەو باسەکانی بورهان فەتاح کرا ، وە هەمان رۆژ لە بەشداری لەکۆنفرانسی سالانەی حیزبی سۆشیالستی سکوتلندە چەند بریار لەکۆمەك بە بزووتنەوەی کرێکاری عیراق و چەپ بەدەنگ گەیەنرا.

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \رێکخراوی بەریتانیا

## 2005–2–14